بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار
## ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠١٥

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٧) لە ٢٣/ ٦/ ٢٠١٥ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

### یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥
### یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی (١):**

**تاقانەی جینۆساید:** ئەو کەسەیە لەکاتی ڕوودانی تاوانەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کوردستان، پاش شەهید کردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی، بەتەنها رزگاری بوبێت.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** تاقانەی جینۆساید سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەکانی کچ و کوڕی شەهیدی جینۆسایدی دەبێت، کە لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو دەقنووس کراون.

**دووەم:** لەکاتی کۆچی دوایی تاقانەی جینۆسایددا، بە شەهیدی جینۆساید ئەژمار دەکرێت و سەرجەم ماف و ئیمتیازاتی شەهیدی جینۆساید کە لە یاسای ئاماژە بۆ کراوی خاڵی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە، بۆ وارسەکانی دەستەبەر دەکرێت.

**سێیەم:** وەکو ڕێزلێنان، ناسنامەیەکی تایبەت بۆ تاقانەی جینۆساید دروست دەکرێت و مەدالیایەکی تایبەتی پێ دەبەخشرێت.

**چوارەم:** چاودێری کردنی باری دەروونی تاقانەکانی جینۆساید و، چارەسەر کردنیان لە ڕێگەی کردنەوەی سەنتەری تایبەت دەستەبەر دەکرێت.

**ماددەی (٣):**

ئەو تاقانانەی جینۆساید کە کارمەندی هێزە چەکدارەکانن، لەکاتی شەڕدا نابێت بنێردرێنە بەرەکانی شەڕ.

**ماددەی (٤):**

پشت ڕاستکردنەوەی تاقانەی جینۆساید لەرێی لیژنەیەکی پسپۆر لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك، دەبێت.

**ماددەی (٥):**

پێویستە لەسەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٧):**

کار بە هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٨):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**هەولێر**
**٢٠١٥/ ٧ /١٣**

## هۆیەکانی دەرچوواندن

تاقانـەکانی جینۆسـایدی کوردسـتان بەشـێکی گـرنگن لـە ناسـنامەی قوربانیـدانی گـەلی کوردستان و، بە مەبەستی ڕێزلێنانی زیاتر و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان، ئـەم یاسـاییە دانرا.